Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpC.17

# زیرەکی هەڵچوونی لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Shaymaa Faraj Kaikhusraw
shaymaa.kaikhusraw@univsul.edu.iq

**شیماء فرج کیخسرو/** بەشی باخچەی منداڵان،کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت،زانکۆی سلێمانی، سلێمانی،هەرێمی کوردستان–عێراق

**نیان نامق صابر /**بەشی باخچەی منداڵان،کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت،زانکۆی سلێمانی، سلێمانی،هەرێمی کوردستان–عێراق

RECEIVED :17 /07/2025
ACCEPTED :17/09/ 2025
PUBLISHED :15/12/ 2025

## پوختە

ئامانجی ئەم توێژینەیەوە بریتییە لە زانینی ئاستی زیرەکی هەڵچوونی لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان و، زانینی ئاستی زیرەکی هەڵچوونی لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان بە پێی گۆڕاوی (جۆری خوێندن، باری خێزان،قۆناغی خوێندن)،لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی پەیوەندی بەکارهێنرا، کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە سەرجەم خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە سنووری زانکۆکانی پارێزگای سلێمانی،نموونەی توێژینەوە بریتییە لە (٦١٠) خوێندکار، ئامرازی توێژینەوە بریتییە لە پێوەری زیرەکی هەڵچوونی لەلایەن توێژەران ئامادەکراوە.لە گرنگترین ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان (هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن،سپێرمان،تاقیکردنەوەی(ت)یەک نموونە و دوو نموونە، هاوکێشەی جیاکاری یەکی،هاوکێشەی کۆلمگۆرۆڤ –سمینرۆو).لە گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەرکەوت ئاستی زیرەکی هەڵچوونی بە پێی گۆڕاوی (قۆناغی خوێندن،باری خێزان) جیاوازی هەیە،بەڵام بە پێی گۆڕاوی(جۆری خوێندن)جیاوازی نییە.

**وشە سەرەکییەکان:**
زیرەکی هەڵچوونی
باخچەی منداڵان

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## ١.١ پێشەکی:

زیرەکی هەڵچوونی چەمکێکی تاڕادەیەک نوێیە لە بواری دەروونناسیدا ،ئەم بابەتەش لەم قۆناغەی دواییدا بووەتە جێی سەرنجی زۆرێک لە توێژەران و پەروەردەکاران،بە تایبەت لە بواری پەروەردەیی و دەروونناسی،بەهۆی ڕۆڵی گرنگی لە ژیانی مرۆڤدا و،پەیوەندی نزیکی بە شێوازی بیرکردنەوە و زیرەکیەوە هەیە، هەروەها ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە سەرکەوتن و خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆجە جیاوازەکان هەیە ،بە تایبەت لەو ژینگە کۆمەڵایەتیەکەی کە مرۆڤ تێیدا دەژی و کارلێک دەکات(العلوان،٢٠١٠ ).هەروەها زیرەکی هەڵچوونی کۆمەڵێک تایبەتمەندی کەسێتییە،کە پەیوەندی بە لێهاتوویی کۆمەڵایەتی و هەڵچوونیەوە هەیە ،کە یارمەتی مرۆڤ دەدات بۆ ئەوەی لە بارودۆخی دەروونی خۆی و کەسانی دیکە تێبگات، لە کۆمەڵگادا کەم کەس کارامەیی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ دەورووبەریدا بە زیرەکی دادەنێت،بەڵکو زیاتر وەک شێوەیەکی ڕەفتاری باش لێی دەڕوانن،نەک وەکو توانست و بەهرەی زیرەکی.لەبەرئەوە ڕەچاوکردنی هەست و نەستی بەرامبەر و کارامەیە کۆمەڵایەتییەکان بە کارێک دادەنرێت کە پەیوەستە بە ژیری خۆییەوە،نەک زیرەکی(أحمد،٢٠٠٩،١٠٩).هەروەها زیرەکی تەنها بواری خوێندن ناگرێتەوە بەڵکو گشت بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە(محمد،٢٠١٨،٥٧)،بە بۆچونی زانایان زیرەکی عەقڵی تەنها (٢٠٪) ڕۆڵی لەسەرکەوتنی مرۆڤ هەیە،بەڵام (٨٠٪)هۆکاری دیکەی هەیە کە دەبێتە هۆی سەرکەوتن،گرنگترین هۆکاریش بریتیە لە زیرەکی هەڵچوونی.

## ٢.١ کێشەی توێژینەوە:

چەمکی زیرەکی هەڵچوونی چەمکێکی گرنگە ،چونک ڕۆڵێکی گرنگ هەیە لەژیانی مرۆڤدا، بەتایبەت بۆ پێشبینیکردنی ڕەفتار و تایبەتمەندییە دەروونیەکان و ئاستی دەستکەوتی ئەکادیمی کە دەکرێت کاریگەری لەسەر ئاستی تاک هەبێت لە باروودۆخی هەڵچوونی و کۆمەڵایەتیدا (عیماد،٢٠١٥،٣٤٨).مرۆڤ بە گشتی و خوێندکارانی زانکۆ بە تایبەتی ، ڕووبەڕووی چەندین بارودۆخ و فشاری جۆراوجۆر دەبنەوە کە پەیوەندی بە لایەنی دەروونی و ئەکادیمی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە هەیە و، لەبەرامبەردا کاریگەری لەسەر بونیادی کەسێتیان دەبێت(حسن و آمین،٢٠٢٣،١٧).هەروەها خوێندکار لە زانکۆ هەوڵ دەدات خودی خۆی بسەلمێنێت بۆ ئەوەی هەست بە قبوڵکردن و ڕازی بوون بکەن لە لایەن کەسانی دیکەوە،بۆ ئەمەش پێویستی بە کۆمەڵێک کارامەیی هەڵچوونی هەیە کە بتوانێت بەشێوەیەکی کاریگەر مامەڵە لەگەڵ خۆیان و کەسانی دیکە بکەن.ئەمەش سەرەتا پێویستە هەستەکانی خۆی بناسێت،بەتایبەت زانینی هەڵچوونی خۆی و کەسانی دیکە بۆ مامەڵەکردنی دروست لەگەڵ بارودۆخە سەختەکان کە ڕوودەدەن ، ڕەنگە ببێتە هۆی هەستی نەرێنی و گومان و لاوازی متمانەبەخۆبوون (حیدر،٢٠٠٦،٣٨).لەم توێژینەوەیەدا کێشەی توێژینەوەکە لەم پرسیارەدا کورت دەکرێتەوە:ئایا زیرەکی هەڵچوونی لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لە چ ئاستێکدایە؟

## ٣.١ گرنگی توێژینەوە:

زیرەکی هەڵچوونی یەکێکە لە جۆرەکانی زیرەکی بە مانای کۆمەڵێک توانستی پێکەوە بەستراو دێت کە لە ژیانی مرۆڤدا گرنگی و ڕۆڵی تایبەتی و بەرچاوی هەیە،بە تایبەت لە بواری خوێندن و کار و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا (عزیز،٢٠١٤،٩٤).پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ دروستی دەروونی هەیە ،کە دەتوانرێت لە ڕێگەی تێگەتشتن وپەیوەندیکردن لە کەسانی تر باشتر بکرێت.کەسانی خاوەنی تایبەتمەندی زیرەکی هەڵچوونی کەسانی دڵخۆشن و دەتوانن بەشێوەیەکی دروست لە هەستەکانیان تێبگەن و بەڕێوەی ببەن و شێوازی کاریگەر بەکاربهێنن بۆ ڕێکخستنی ئەو هەستانە،بەڵام ئەوانەی زیرەکی هەڵچوونیان لاوازە بەهۆی تێنەگەیشتن لە هەستەکانیان،کێشەیان هەیە بۆ گونجاندن و پلاندانان بۆ ژیانیان کە ئەمەش دەبێتە هۆی خەمۆکی و توانای بەڕێوەبردنیان ئەستەم دەبێت.(گوڵمان (١٩٩٨) ئاماژەی بەوە کردووە کە زیرەکی هەڵچوونی بە تێپەڕبوونی کات گەشە دەکات و،دەتوانرێت لەهەر کاتێکدا فێر بکرێت و تا زووتر ڕاهێنان بکرێت ئاسانتر دەبێت،لە ماوەی ژیانی مرۆڤدا دەگۆڕێت و دەتوانرێت لە ڕێگەی بەرنامەکانی ڕاهێنان باشتر بکرێت (سعید،٢٠١٥ ،٥٦). لەبەرئەوە بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگە و لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیان پێویستی بە بە تاکی کارامە و لێهاتوو هەیە،وە زیرەکی هەڵچوونی ئەو بابەتەیە کە پێویستە گرنگی پێبدرێت و بەتایبەت لای خوێندکارانی زانکۆ، چونکە ئەوان داینەمۆی داهێنان و پێشکەوتنی وڵاتن.دەکرێت گرنگی توێژینەوەکە لەم خاڵانەدا بخەینەڕوو:

١ -ئەم توێژینەوەیە گرنگە بۆ مامۆستایانی بەشی باخچەی منداڵان یارمەتیان دەدات بۆ ئەوەی لە ئاستی زیرەکی هەڵچوونی خوێندکارانیان ئاگادار بن و،بەشێوەکی گونجاو مامەڵە لەگەڵ خوێندکارەکانیان بکەن.

٢-پێوەری ئەم توێژینەوەیە دەکرێت لە لایەن توێژەرانی دیکە لە توێژینەوەی زانستی دیکەدا سوودی لێوەربگرن.

٣-گرنگی پراکتیکی توێژینەوەکە لەوەدایە هەوڵدەدات بە شێوازێکی ئەکادیمی و زانستی و پێوەری زانستی ئاستی زیرەکی هەڵچوونی لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان دەربخات.

٤-خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان و خوێندکارانی خوێندنی باڵا و توێژەران دەتوانن سوود لە هەردوو بەشی تیۆری و پراکتیکی توێژینەوەکە وەربگرن.

**٤.١ ئامانجی توێژینەوە:**

١ -زانینی ئاستی زیرەکی هەڵچوونی لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان.

٢-زانینی جیاوازی ئاستی زیرەکی هەڵچوونی لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان بە پێی گۆڕاوی

آ-جۆری خوێندن

ب-باری خێزان

ج-قۆناغی خوێندن

**٥.١ سنووری توێژینەوە :**

**١**- سنووری بابەت:زیرەکی هەڵچوونی.

٢-سنووری مرۆیی : خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە زانکۆکانی پارێزگای سلێمانی.

٣-سنووری شوێن: زانکۆکانی پارێزگای سلێمانی ( زانکۆی سلێمانی، زانکۆی ڕاپەڕین).

٤-سنووری کات : (٢٠٢٤-٢٠٢٥).

**٦.١ دیاریکردنی چەمک و زاراوەکان:**

**یەکەم: زیرەکی هەڵچوونی:**

( عزیز،٢٠١٨) بریتییە لە توانای مرۆڤ بۆ چاودێریکردنی هەست و هەڵچوونیەکانی خودی و هەستی کەسانی دیکە،لەگەڵ بەکارهێنانی زانیاریەکان بۆ ئاڕاستەکردنی شێوازی بیرکردنەوە و ڕەفتارەکانی مرۆڤ(عزیز،٢٠١٨،٢١٣) .

( عثمان و عبده ،٢٠٠٢) بریتییە لە توانای گرنگیدان و تێگەیشتنی باش لە هەڵچوون وهەستەکانی مرۆڤ و تێگەیشتن لێیان،و داڕشتنیان بە ڕوونی و ڕێخستنیان لەسەر بنەمای چاودێری ورد و ئاگاداربوون لە هەست و هەڵچوونەکان و هەست و هەڵچوونەکانی ئەوانی تر (عثمان و عبده ،٢٠٠٢،٣٦ ).

**دووەم: باخچەی منداڵان:**

(قادر،٢٠١٦) ناوەندێکی پەروەردەییە،کە ڕوویێکی ئامانجی پەروەردەکردنی منداڵە لە لایەنی جەستەیی و دەروونی،ڕوویێکی دیکەی ئامانجی چارەسەرکردنی گرفت و حاڵەتە نەخوازراوەکانی منداڵە (قادر،٢٠١٦ ،١٢٦).

(جرجس،٢٠١٦) دامەزراوەیەکی پەروەردەییە ،کە منداڵان دەگریتە خۆی پێش ئەوەی بگەنە قۆناغی قوتابخانە ( جرجس، ٢٠١٦،٢٢) .

## ٢:چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو

### تەوەری یەکەم: زیرەکی هەڵچوونی

### ١.١.٢ :زیرەکی هەڵچوونی(الذكاء الأنفعالي)

زیرەکی هەڵچوونی چەمکێکی نوێیە لە بواری دەروونناسیدا،ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک تایبەتمەندی کەسێتی،کە پەیوەندی بە ئەزموون و زانیارییە کۆمەڵایەتی و هەڵچوونیەکانی مرۆڤەوە هەیە،کە یارمەتی دەدات بۆ ئەوەی لەباری دەروونی و

هەڵچوونی خۆیی و کەسانی دیکە تێبگات (قەرەچەتانی، ١٥٧،٢٠١٧).یەکێکە لەو بابەتانەی کە جیاوازی هەیە لە پێناسەی چەمکی زیرەکی هەڵچوونی لە لای زانایان.سەرەتا لە لایەن(مایر و سالوڤی(Salovey& Mayer)پێناسەیان کردووە کە زیرەکی هەڵچوونی بریتییە لە توانای چاودێریکردنی هەست و هۆش و هەڵچوونە تایبەتیەکانی خود و کەسانی تر،جیاکردنەوەی نێوانیان بەمەستی ئاڕاستەکردن و بیر و هۆش و چالاکیەکانی تاک بەکاربهێنرێن و ببنە هۆی کۆنترۆڵکردن و ڕێکخستنی هەڵچوونەکان (الريماوي،٢٦،٢٠٠٤). (دانیاڵ گۆڵمان)پێی وایە کۆمەڵێک لێهاتوویی هەڵچوونی و کۆمەڵایەتی لەخۆ دەگرێت و دەبێتە ڕێبەرێک بۆ سەرکەوتنی مرۆڤ لە ژیانی کەسی وپیشەییدا (مبارک و بادیس،١٩،٢٠١٧).(بار-ئۆن Bar-on) پێی وایە کە کۆمەڵێک توانا و لێهاتووییین، کە کاریگەری لەسەر توانای مرۆڤ هەیە بۆ سەرکەوتن لە مامەڵەکردن بەرامبەر فشارە دەروونی و ژینگەیەکان (رشنودی و ارغند،٨،٢٠١٨).

### ٢.١.٢ گرنگی زیرەکی هەڵجوونی:

زیرەکی هەڵجوونی یەکێکە لەو بابەتانەی لە زۆربەی بوارەکاندا ڕۆڵ و گرنگی هەیە،بەتایبەت لە بواری پەروەردە و کار و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و پیشەسازیش گرنگی خۆی هەیە، بەجۆرێک پسپۆڕان لە بواری پیشاسازی و پەروەردە گرنگی زۆریان بەم جۆرە زیرەکیە داوە،تا گەیشتونەتە ئەو ڕادەیەیی کە وەک پێوەرێک بۆ دیاریکردنی فەرمانبەری سەرکەوتوو دابنێن(عزيز،٢٠١٧، ٩٤). ڕۆڵی گرنگی هەیە لە گونجاندنی منداڵ لەگەڵ خێزان و ئەو ژینگەیەی کە تێیدا دەژی،کە یارمەتی دەدات لەباشتر کردن و بەرزبونەوەی ئاستی خوێندن و، تێپەڕاندنی ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕوویی دەبێتەوە بە تایبەت لە قۆناغی هەرزەکاری و،کە یارمەتی دەدات لە گوزارشتکردنێکی دروست لە هەستەکانی خۆی و تێگەیشتن لە هەستی کەسانی دیکە و گرنگیدان بەشێوەیەکی گونجاو،کە هۆکارێکی گرنگە بۆ سەرکەوتن لە کار و ژیان و گونجانی خێزانی و بەرزکردنەوەی ئاستی خواست(مصطفي و خالد،٢٧٢،٢٠١٨ ). هەروەها لە قوتابخانەکان پەیوەستە بە ڕادەی گونجانی خوێندکار لەگەڵ مامۆستا و وانە و هاوڕێکانی لە ناو پۆل،کە پێکەوە هەموویان کاریگەریان هەیە لەسەر ڕادەی تێگەیشتنی لە بابەتەکان و، یارمەتی دەدات کە پەیوەندیەکی دروست لەگەڵ قوتابخانە و هاوڕێکانی دروست بکات،و کەئەمەش لە کۆتاییدا ڕەنگدانەوەی ئەرێنی دەبێت لەسەر ئاستی خوێندکار (عەزیز،٩٥،٢٠١٤).

### ٣.١.٢ تایبەتمەندیەکانی زیرەکی هەڵچوونی:

زیرەکی هەڵچوونی کۆمەڵێک تایبەتمەندی کەسێتییە ،کە پەیوەندیدارە بە بوونی شارەزایی،زانیاری کۆمەڵایەتی و هەڵچوونی،کە یارمەتیدەرە بۆ بۆ تاک بۆ ئەوەی لە باری دەروونی و هەڵچوونی(هەست،سۆز،هەڵچوونی)خۆیی و کەسانی دیکە تێبگات،پاشان هەست بە ئارامی دەروونی و گونجانی کۆمەڵایەتی بکات(قەرەچەتانی،١٥٧،٢٠١٧).

### ١.٣.١.٢ تایبەتمەندی مرۆڤی خاوەن زیرەکی هەڵچوونی بەرز :

بە بڕوای زۆرێک لە دەروونزان و پەروەردەکاران،هەر کەسێ خاوەنی زیرەکی هەڵچوونی بێت ئەوا دەبێتە خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی کە لە زۆرێک بوارە جیاجیاکانی ژیان ڕێنوێنی دەکات و دەبێتە ڕێبەرێک بۆ سەرکەوتنەکانی (قەرەچەتانی،١٣٧:٢٠٠٧)

لێرەدا خاسیەت و تایبەتمەندیەکان دەخەینە ڕوو:

-توانای دەربڕینی هەستەکان بە چەشنێکی ڕوون و ڕاستەوخۆ.

-لە دەربڕینی هەستەکانی ناترسێت.

-هەستی نەرێنی کەمە،وەک :ترس،دڵەڕاوکی،شەرم،ڕاڕایی(دڵەڕاوکێ)،بێزاری،..هتد.

-هەستەکانی هاوکارن بۆ هەڵبژاردن و گرتنەبەری هۆکارەکانی دڵخۆشی (سعيدة,٧٦:٢٠١٥).

-توانای دۆزینەوەی هاوڕێ و بەردەوامبوونی هاوڕێیەتی هەیە.

-لەکاتی پێویست و تەنگانەدا هاوخەم و هاوبەشی ئازار و ناخۆشی دۆست و هاوڕێکانیەتی.

-بە ئاسانی دەتوانێت گوزارشت لە هەستەکانی بکات (قەرەچەتانی،١٥٤:٢٠١٧).

هەروەها(کوپر و سواف Cooper & Sawaf,1997 )ئاماژەیان بەوە کردووە مرۆڤی خاوەن زیرەکی هەڵچوونی

بەرز ئەو کەسانەن کە تەندروست و سەرکەوتون و پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەهێز دادەمەزرێنن و ، خاوەنی سەرکردایەتی کاریگەرن و سەرکەوتنی پیشەییان زیاترە بە بەراورد بەوانەی کە زیرەکی هەڵچوونی کەمترە،لەبەرئەوە رۆڵی گرنگی هەیە لە ئاڕاستەکردنی ڕەفتار و پەیوەندیەکانی لەگەڵ کەسانی تردا،چونکە توانای تێگەیشتن لە کەسانی دیکەی هەیە.هەروەها بە نەرمی و لێهاتوویی و بەرپرسیارێتی مامەڵە لەگەڵ دەوروبەر دەکات و زیاتر توانای سەرکەوتنی دەبێت لە دامەزراندنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئەرێنی لەگەڵ کەسانی تردا (Schilling, 1996) . هەروەها توانای بەرزیان هەیە بۆ گونجاندن لەگەڵ کەسانی دیکە، و بەسەبرن و ژیرانە مامەڵە لەگەڵ ئەو کێشە هەڵچوونیانە دەکەن کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە (الدرابكة، ٢٠١٩،٧١).

**٢.٣.١.٢ تایبەتمەندی مرۆڤی خاوەن زیرەکی هەڵچوونی نزم:**

کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەیە،ئەوانیش:

-بەرپرسیارێتی هەستەکانی خۆی ناگرێتە ئەستۆ.

-پێی وایە کەسانی دیکە هۆکاری کێشەکانن.

-متمانەی بە خۆی نییە.

-گرنگی بە لایەنی هەڵچوونی خۆی و کەسانی دیکە نادات.

-بە بەردەوامی ڕەشبینە.

- لە پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دەوروبەر،هەست بە شکست و لاوازی دەکات (Goleman,1995,128).

**٤.١.٢ تیۆرەکانی زیرەکی هەڵچوونی:**

**یەکەم: تیۆری گۆڵمان ( Goleman ):**ئەم تیۆرە لەسەر بنەمای تایبەتیمەندییە کەسێتیەکانی مرۆڤ بنیادنراوە،کە دوو پێکهاتەی سەرەکی لە خۆ دەگرێت،ئەوانیش(پێکهاتەی کەسێتی(Personal Components) لە خۆدەگرێت،(خوود ئاگابوون،ڕێکخستنی خوود،پاڵنەر) و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی(Social Components)دوو کارامەیی لە خۆدەگرێت(هاوسۆزی،لێهاتوویی کۆمەڵایەتی)،بەم شێوەیەی خوارەوە:

١-خوود ئاگابوون(وعي الذات):بریتیە لە هۆشیاری و تێگەیشتنی مرۆڤ لە هەست و سۆزی خۆی.

٢- ڕێکخستنی خوود(ضبط الذات):بریتییە لە توانای مرۆڤ بۆ کۆنترۆڵکردن و ڕێکخستنی هەستەکانی لە بارۆدۆخی جۆراوجۆردا.

٣-پاڵنەر(الدافعية):بەکارهێنانی هەست و هەڵچوونەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان.

٤- هاوسۆزی(التعاطف):بریتیە لە توانای تاک بۆ تێگەیشتن و زانینی هەستی کەسانی تر.

٥- لێهاتوویی کۆمەڵایەتی:توانای مرۆڤ بۆ بنیادنانی پەیوەندی ئەرێنی لەگەڵ کەسانی تر لەسەر بنەمای تێگەیشتن و ناسینەوەی هەڵچوونەکان و کارلێکی دروست لەگەڵیان (الخفاف،٢٠١٣:٣٨).

**دووەم:تیۆری(مایر و سالۆڤی-(Mayer & Salovey):**بە پێی ئەم تیۆرە،سروشتی زیرەکی هەڵچوونی سەرچاوەکەی توانای مرۆڤە لە درککردنی هەڵچوونەکانی و هەڵسەنگاندنی بەشێوەکی ڕاست و دروست،چونکە مرۆڤ لە سرووشتی هەڵچوونەکانی توانای مامەڵەکردنی لەگەڵ هەڵچوونەکانی دەبێت و،(مایر و سالۆڤی)بۆ زیرەکی هەڵچوونی چوار هۆکاری سەرەکییان داناوە،ئەوانیش:

١- درککردنی هەڵچوونەکان:توانای مرۆڤ بۆ دەربڕینی هەڵچوونەکانی لە ڕێگەی پەیوەندی زارەکی بێت یان نازارەکی.

٢-ڕێکخستنی هەڵچوونەکان:بەکارهێنانی هەڵچوونەکان بۆ ئاسانکاری و باشترکردنی پرۆسەی بیرکردنەوە.

٣-تێگەیشتن لە هەڵچوونەکان:بریتین لە شیکردنەوە و جیاکردنەوەی هەڵچوونەکان و لێکدانەوەی ماناکانیان.

٤-بەڕێوەبردنی هەڵچوونەکان:بریتیە لە توانای ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونەکان و بەڕێوبردنیان،کە یارمەتی مرۆڤ دەدات گەشەکردنێکی هەڵچوونی تەندرووست بەدەستبهێنێت (Mortiboys,2005,2).

**سێیەم:تیۆری بار-ئۆن(Bar-on):**یەکێکە لەو تیۆرانەی کە زیرەکی هەڵچوونی ڕووندەکاتەوە و،ئاماژەیە بۆ بەریەککەوتن

لە نێوان زیرەکی هەڵچوونی و تایبەتمەندی کەسێتیدا، کە تێییدا زیرەکی هەڵچوونی وەک پێکهاتەیەک پێناسە دەکات کە کۆمەڵێک لێهاتوویی نامەعریفی لەخۆ دەگرێت،کە بریتین لە:

١-لێهاتوییە نامەعریفیە خودییەکان(كفاءات لا معرفية ذاتية):لە چوار لێهاتوویی پێکدێت:خود ئاگایی،ڕێزگرتنی خود، جەختکردنەوەی خود،سەربەخۆیی (بەدیهێنانی خود) لەخۆدەگرێت.

٢-لێهاتوییە پێویستەکان بۆ پەیوەندی کەسێتی(كفاءات ضرورية للعلاقة الشخسية): لە سێ لێهاتوویی پێکدێت :هاوسۆزی ، بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی، پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تر لەخۆدەگرێت.

٣-لێهاتوییە پێویستەکان بۆ توانای گونجاندن(كفاءات ضرورية لقابلية التكيف): لە سێ لێهاتوویی پێکدێت :چارەسەرکردنی کێشەکان، درککردنی واقیع (ڕاستی)، نەرمی(المرونة)و بەرگەگرتن لەخۆدەگرێت.

٤-لێهاتویەکانی پێویست بۆ توانای بەڕێوەبردنی فشارو کۆنترۆڵکردن( كفاءات ضرورية للقدرة علي ادارة الضغوط والتحكم) : لە دوو لێهاتوویی پێکدێت :بەرگەگرتنی فشار (تحمل الضغوط)، کۆنترۆڵکردنی خود لەخۆدەگرێت.

٥- مەزاجی گشتی(المزاج العام):گەشبینی، بەختەوەری) لەخۆدەگرێت (عزيز،٢٠٢٠،٦٧).

## ٢:توێژینەوەکانی پێشوو

### ١.٢. توێژینەوەکانی تایبەت بە گۆڕاوی زیرەکی هەڵچوونی

١-توێژینەوەی (العلوان ٢٠١٠)بە ناونیشانی(زیرەکی هەڵچوونی و پەیوەندی بە لێهاتوویی کۆمەڵایەتی و شێوازەکانی وابەستەبوون لە نێوان خوێندکارانی زانکۆ.ئامانجی توێژینەوە(زانینی پەیوەندی نێوان زیرەکی هەڵچوونی و پەیوەندی بە لێهاتوویی کۆمەڵایەتی و شێوازەکانی پەیوەست بوون لە نێوان خوێندکاران بە پێی گۆڕاوی(ڕەگەز،پسپۆڕی).میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێنرا،کۆمەڵگەی توێژینەوە خوێندکارانی زانکۆ لە ئوردن،نموونەی توێژینەوە(٤٧٥) خوێندکارو، ئامرازی توێژینەوە فۆڕمی ڕاپرسی،بۆ پێوەری(زیرەکی هەڵچوونی ،لێهاتوویی کۆمەڵایەتی، وابەستەبوون).ئامرازە ئامارییەکان( پێرسۆن، سپێرمان ، تاقیکردنەوەی (ت)یەک نموونە و دوو نموونە، ئەلفا کرۆنباخ،).لە ئەنجامدا دەرکەوت کە زیرەکی هەڵچوونی لە ئاستێکی بەرزداییە و، لە بەرژەوەندی ڕەگەزی(مێ) و پسپۆڕی مرۆڤایەتی بوو و، بووونی پەیوەندی لە زیرەکی هەڵچوونی و لێهاتوویی کۆمەڵایەتی و شێوازەکانی وابەستەبوون.

٢-توێژینەوەی (حسن ،٢٠١٣)بە ناونیشانی(زیرەکی هەڵچوونی و پەیوەندی بە شێوازەکانی مامەڵە کردن لەگەڵ فشارە دەروونیەکان)بە پێی گۆڕاوی(ڕەگەز،پسپۆڕی).ئامانجی زانینی ئاستی زیرەکی هەڵچوونی بە پێی گۆڕاوی (ڕەگەز، پسپۆڕی).میتۆدی وەسفی بەکارهێنرا.کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە خوێندکارانی زانکۆ،نموونەی توێژینەوەکە (٤٣٠)خوێندکار لە زانکۆکانی عێراق لە(بغداد،الموصل،البصرة،المستنصرية). ئامرازی توێژینەوە بریتییە لە فۆڕمی ڕاپرسی،بۆ هەریەک لە گۆڕاوەکان،ئامرازە ئامارییەکانیش( تاقیکردنەوەی(ت) یەک نموونە و دوو نموونە، ئەلفاکرۆنباخ، پێرسۆن،سپێرمان).لە ئەنجامدا دەرکەوت زیرەکی هەڵچوونی لە ئاستێکی بەرزدایە و،لە بەرژەوەندی ڕەگەزی (مێ) بوو،هەروەها نەبوونی جیاوازی بە پێی پسپۆڕی(زانستی،مرۆڤایەتی).

٣-توێژینەوەی(أل الشيخ،٢٠١٨) بە ناونیشانی(زیرەکی هەڵچوونی و پەیوەندی بە نەرمی دەروونی لە نێوان خوێندکارانی زانکۆ)بە پێی گۆڕاوی (پسپۆڕی خوێندن،قۆناغی خوێندن).ئامانجی زانینی پەیوەندی نێوان زیرەکی هەڵچوونی و نەرمی دەروونی لە نێوان خوێندکاران کچ بە پێی گۆڕاوی(پسپۆڕی،قۆناغی خوێندن).میتۆدی شیکاری وەسفی بەراوردکاری بەکارهێنراوە.کۆمەڵگای توێژینەوە خوێندکارانی زانکۆی(الأمام محمد بن سعيد الأسلامية) لە (الرياض).نموونەی توێژینەوەکە(٤٠٠)خوێندکار لە هەردوو پسپۆڕی(زانستی،مرۆڤایەتی)و(قۆناغی یەکەم،چوارەم).ئامرازی توێژینەوە فۆڕمی ڕاپرسی،بۆ زیرەکی هەڵچوونی پێوەری (عثمان ورزق ،٢٠٠٢) بەکارهێنرا،ئامرازە ئامارییەکانیش (هاوکۆلکەی پێرسۆن، تاقیکردنەوەی(ت)دوو نموونە، ئەلفاکرۆنباخ هاوکێشەی جیاکاری یەکی).لە ئەنجامدا بوونی پەیوەندی ئەرێنی لە نێوان زیرەکی هەڵچوونی و نەرمی دەروونی و،نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری بە پێی گۆڕاوی(پسپۆڕی،قۆناغی خوێندن)، بەڵکو پەیوەستە بەکەسێتی و ئەزموون ژیانی خوێندکار.

٤- توێژینەوەی(دهش ،٢٠٢١) بە ناونیشانی(بەكاڵاكردنی خوود و پەیوەندی بە زیرەكی هەڵچوونی لە نێوان خوێندكارانی زانكۆ)بە پێی گۆڕاوی(ڕەگەز،پسپۆڕی).ئامانجی زانینی پەیوەندی نێوان بەكاڵاكردنی خوود و زیرەكی هەڵچوونی لە نێوان خوێندكارانی زانكۆ بە پێی گۆڕاوی(ڕەگەز،پسپۆڕی).میتۆدی وەسفی بەكارهێنرا.كۆمەڵگەی توێژینەوە خوێندكارانی زانكۆی(القادسية)لە نەینەوا بۆ ساڵی خوێندنی(٢٠٢٠-٢٠٢١).نموونەی توێژینەوەكە (٤٠٠)خوێندكار لە هەردوو (ڕەگەز ، پسپۆڕی).ئامرازی توێژینەوە بۆ پێوەری زیرەكی هەڵچوونی لە ژێر ڕۆشنایی مۆدێلی(Goleman).ئامرازە ئامارییەكان (پێرسۆن،تاقیكردنەوەی(ت)یەك نموونە و دوو نموونە،ئەلفا كرۆنباخ). لە ئەنجامدا دەركەوت كە زیرەكی هەڵچوونی لە ئاستێكی بەرزداییە و،نەبوونی جیاوازی ئاماری بۆ زیرەكی هەڵچوونی لە نێوان خوێندكاران بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز(نێر مێ)،هەروەها بوونی جیاوازی لە نێوان خوێندكاران بە پێی گۆڕاوی پسپۆڕی (زانستی،مرۆیی)لە بەرژەوەندی پسپۆڕی مرۆڤایەتی بوو،هەروەها بوونی پەیوەندیەكی پێچەوانەوە لە نێوان زیرەكی هەڵچوونی وخۆبابەتی بوون لە نێوان لە نێوان خوێندكارانی زانكۆ.

## ٣:ڕێكارییەكانی توێژینەوە

### ١.٣ میتۆدی توێژینەوە :

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی پەیوەندی(وصفی الارتباطي)بەكارهێنرا،بۆ زانینی پەیوەندی زیرەكی هەڵچوونی لای خوێندكارانی بەشی باخچەی منداڵان،هەروەها دۆزینەوەی پەیوەندی گۆڕاوە سەرەكیەكانی توێژینەوەكە بە هەندێ گۆڕاوی سەربەخۆ.

### ٢.٣ كۆمەڵگەی توێژینەوە:

كۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە سەرجەم (خوێندكارانی بەشی باخچەی منداڵان)لە كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە سنووری زانكۆكانی پارێزگای سلێمانی(زانكۆی سلێمانی ،زانكۆی ڕاپەڕین)،بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)، كە ژمارەی خوێندكارانی هەر چوار قۆناغی خوێندن لە زانكۆی سلێمانی (٤٢٠) و ،زانكۆی ڕاپەڕین(٢٨٦)،كە ژمارەی گشتی خوێندكاران لە زانكۆكانی پارێزگای سلێمانی (٧٢٠) خوێندكار بوو، سەرەڕای لابردنی ئەو فۆرمانەی كە كەم و كورتیان هەبوو وەك پڕنەكردنەوەی فۆرمەكە ، توێژەر (٦١٠)فۆڕمی بێ كەم و كورتی گەشتەوە دەستی،كە ژمارەی گشتی بوو بە(٦١٠)،كە لە خشتەی (١)دەردەكەوێت.

خشتەی(١) دابەشبوونی كۆمەڵگەی توێژینەوە

| خوێندنی بەیانیان | | | | |
|---|---|---|---|---|
| زانكۆ | قۆناغی خوێندن | ژمارە | ڕێژەی سەدی | كۆی گشتی |
| سلێمانی | یەكەم | ٨٦ | ١٤.٠٩٪ | ٢٤٩ |
| | دووەم | ٤٦ | ٧.٥٤٪ | |
| | سێیەم | ٥٦ | ٩.١٨٪ | |
| | چوارەم | ٦١ | ١٠٪ | |
| خوێندنی ئێواران | | | | |
| سلێمانی | یەكەم | ٤٩ | ٨.٠٣٪ | ١٢٢ |
| | دووەم | ١٢ | ١.٩٦٪ | |
| | سێیەم | ١٣ | ٢.١٣٪ | |
| | چوارەم | ٤٨ | ٧.٨٦٪ | |
| خوێندنی بەیانیان | | | | |
| ڕاپەڕین | یەكەم | ٧٠ | ١١.٤٧٪ | ٢٣٩ |
| | دووەم | ٥٠ | ٨.١٩٪ | |
| | سێیەم | ٥٨ | ٩.٥٠٪ | |
| | چوارەم | ٦١ | ١٠٪ | |
| خوێندنی ئێواران | | | | نییەتی |
| كۆی گشتی خوێندكارانی زانكۆكانی پارێزگای سلێمانی | | | ١٠٠٪ | ٦١٠ |

### ٣.٣ گۆڕاوەکانی توێژینەوە :

شیکردنەوە و لێکدانەوەی زانیارییە گشتیەکانی نموونەی توێژینەوە بە یەکێک لە بابەتە سەرەکیەکانی لایەنی مەیدانی توێژینەوە دادەنرێت،کەتێیدا ئاشنا دەبین بە تایبەتمەندی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە،بە پێی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە دەخرێتە ڕوو:

١-دابەشبوونی نموونەی توێژینەوەکە بە پێی گۆڕاوی(جۆری خوێندن)کە تێیدا دەرکەوتووە کە زۆرترین دووبارەبوونەوە لای خوێندنی(بەیانیان)بوو،کە ژمارەیان(٤٨٨)و ،کەمترین دووبارەبوونەوە خوێندنی(ئێواران)بوو کە(١٢٢)خوێندکار بوو.خشتەی(٢)

خشتەی(٢)

دابەشبوونی نموونەی توێژینەوە بە پێی گۆڕاوی جۆری خوێندن

| جۆری خوێندن | بەیانیان | ئێواران | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| ژمارەی خوێندکار | ٤٨٨ | ١٢٢ | ٦١٠ |
| ڕێژەی سەدی | ٨٠٪ | ٢٠٪ | ١٠٠٪ |

٢-دابەشبوونی نموونەی توێژینەوەکە بە پێی گۆڕاوی(باری خێزان)دەرکەووتووە کە زۆرترین دووبارەبوونەوە ئەو خوێندکارانە بوون کە(سەڵت)بوون و ژمارەیان(٤٤٩)بوو و،کەمترین خوێندکارانی (خێزاندار )بوون کە(١٦١)بوو، لە خشتەی(٣) دەردەکەوێت.

خشتەی(٣)

دابەشبوونی نموونەی توێژینەوە بە پێی گۆڕاوی باری خێزان

| قۆناغی خوێندن | یەکەم | دووەم | سێیەم | چوارەم | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی خوێندکار | ٢٠٥ | ١٠٨ | ١٢٧ | ١٧٠ | ٦١٠ |
| ڕێژەی سەدی | ٪٣٣.٦ | ١٧.٧٪ | ٢٠.٨٪ | ٢٧.٩٪ | ١٠٠ |

٣_دابەشبوونی نموونەی توێژینەوەکە بە پێی (قۆناغی خوێندن) لای خوێندکارانی بەشی باخچەی مندالآن دەرکەوتووە کە زۆرترین دووبارەبوونەوە لای خوێندکارانی قۆناغی(یەکەم )بوو کە(٢٠٥) خوێندکاری کچ بوو و،کەمرترین دووبارەبوونەوە لای خوێندکارانی قۆناغی(دووەم) بووە،کە ژمارەیان(١٠٨) خوێندکار بوو.خشتەی(٤)

خشتەی(٤)

دابەشبوونی نموونەی توێژینەوە بە پێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن

| قۆناغی خوێندن | یەکەم | دووەم | سێیەم | چوارەم | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی خوێندکار | ٢٠٥ | ١٠٨ | ١٢٧ | ١٧٠ | ٦١٠ |
| ڕێژەی سەدی | ٪٣٣.٦ | ١٧.٧٪ | ٢٠.٨٪ | ٢٧.٩٪ | ١٠٠ |

### ٤.٣ ئامرازەکانی توێژینەوە :

بەمەستی کۆکردنەوەی زانیاری توێژەران دوای گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی زانستی و توێژینەوەکانی پێشوو پەیوەست بە بابەتی توێژینەوەکە، و پێوەریان ئامادەکرد بۆ گۆڕاوی (زیرەکی هەڵچوونی) بە پێی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە:

١-سوود وەرگرتن لە پێوەری زیرەکی هەڵچوونی لە نێوان خوێندکارانی زانکۆ لە توێژینەوەی(العلوان،٢٠١٠) و(حسن، ٢٠١٣ ) ،(أل الشيخ،٢٠١٧)،(دهش،٢٠٢١).

**٢- دەستنیشانکردنی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی پێوەر:**

توێژەران بە مەبەستی دەستنیشانکردنی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی لە ڕۆژی(٢٠٢٥/١/٨) دەستیانکرد بە دابەشکردنی فۆڕمی

پێوانەکە بەسەر(١٣)شارەزا لە پسۆڕی پەیوەست بە بابەتی توێژینەوەکە وەک(دروستی دەروونی، دەروونزانی پەروەردەیی)،داوایان لێکرا ڕاوبۆچوونی خۆیان دەرببڕن دەربارەی گونجاوی و نەگونجاوی بڕگەکانی هەردوو پێوەرەکە،دوای وەرگرتنەوەی کۆتا فۆڕم لە ڕۆژی(٢٠٢٥/٢/٢٠)،توێژەران هاوکێشەی (مربع کای-چوارگۆشەی کا٢)بەکارهێنا بۆ پێوەری(زیرەکی هەڵچوونی)بە نمرەی ئازادی (١) و ئاستی بەڵگەداری( ٠.٠٥)،بەهای(کا٢) هەژمارکراوی سەرجەم بڕگەکان گەورەترە لە بەهای(کای) خشتەیی کە بریتییە لە (٧.٨٨)،جگە بڕگەی (٢٤،٢٥) لە پێوەری زیرەکی هەڵچوونی و بڕگەی(٢٠،٢٤، ٢٦) کە نرخیان گەورەتر بوو لە(کای) هەژمارکراو و لابران،بەڵام بڕگەکانی دیکە بچوکتر بوو ئەمەش واتای بوونی ڕاستگۆیی پێوەرەکە دەگەیەنێت. خشتەی(٥)

خشتەی(٥) ڕاستگۆیی ڕواڵەتی پێوەری زیرەکی هەڵچوونی

| ژ | بڕگەکان | ژمارەی بڕگە | ڕەزامەندن | | ڕەزامەندنین | | بەهای ($کا^٢$) | ئاستی بەڵگەداری | دەرئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارەی پسپۆڕ | ڕێژەی سەدی | ژمارەی پسپۆڕ | ڕێژەی سەدی | | | |
| ١ | ١-٢-٣-٤-٥-٦-<br>٧-٨-٩-١١-١٢-<br>١٣-١٤-١٥-١٦-<br>١٧-١٨-١٩-٢٠-<br>٢١-٢٢-٢٣-٢٤<br>٢٦-٢٨-٢٩-٣١-<br>٣٣-٣٦-٣٧-٣٨ | ٣٣ | ١٣ | ١٠٠٪ | ٠ | ٠٪ | ١٣ | ٠.٠٠ | مایەوە |
| ٢ | ١٠ | ١ | ١٢ | ٩٧.٥٪ | ١ | ٢.٥٪ | ٩.٣٠٨ | ٠.٠٠٢ | مایەوە |
| ٣ | ٢٧ | ١ | ١٢ | ٩٧.٥٪ | ١ | ٢.٥٪ | ٩.٣٠٨ | ٠.٠٠٢ | مایەوە |
| ٤ | ٣٠ | ١ | ١٢ | ٩٧.٥٪ | ١ | ٢.٥٪ | ٩.٣٠٨ | ٠.٠٠٢ | مایەوە |
| ٥ | ٣٢ | ١ | ١٢ | ٩٧.٥٪ | ١ | ٢.٥٪ | ٩.٣٠٨ | ٠.٠٠٢ | مایەوە |
| ٦ | ٣٥ | ١ | ١٢ | ٩٧.٥٪ | ١ | ٢.٥٪ | ٩.٣٠٨ | ٠.٠٠٢ | مایەوە |
| ٧ | ٣٩ | ١ | ١٢ | ٩٧.٥٪ | ١ | ٢.٥٪ | ٩.٣٠٨ | ٠.٠٠٢ | مایەوە |
| ٨ | ٢٥،٣٤ | ٢ | ٩ | ٩٥٪ | ٤ | ٥٪ | ١.٩٢٣ | ٠.١٦٦ | لابرا |

## ٤-هێزی جیاکاری(القوة التمیزیة):

توێژەران هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ بڕگەکانی پێوەری زیرەکی هەڵچوونی دەرهێنا بە دابەشکردنی پێوەرەکە بەسەر(٦١٠) خوێندکاری بەشی باخچەی منداڵان،پاشان دابەشکردنی نموونەی جیاکاری(العینیة التمیز)بۆ دوو گرووپ ،گرووپێکیان نزمترین نمرەیان بەدەستهێناوە بەڕێژەی(٢٧٪)کە ژمارەیان(١٦٥)خوێندکار و گرووپێک نزمترینیان بەدەستهێناوە بە ڕێژەی(٢٧٪) ژمارەیان(١٦٥)بوو و دوورخستنەوەی ئەو گرووپەی ناوەندی ئەم دوو گرووپە بوون، پاشان پرۆگرامی(spss)بۆ دەرخستنی هێزی جیاکاری بڕگەکان لە نێوان هەردوو گرووپدا بەکارهێنرا بە بەکارهێنانی هاوکێشەی(ت)بۆ دوو نموونە،بۆ پێوەری زیرەکی هەڵچوونی بەهای(ت) خشتەیی بریتییە لە (١.٩٦٠)و ئاستی بەڵگەداری(٠.٠٥)و نمرەی ئازاد (٣٢٨)،دەرکەوت کە سەرجەم بڕگەکان بەهای(ت) هەژمارکراویان گەورەترە لە بەهای (تائی)خشتەیی، بە واتای بوونی جیاوازی دێت لە نێوان نموونەی توێژینەوەکە ،لە ڕووی پێوانەی زیرەکی هەڵچوونی.

## ٥-گونجانی ناوەکی(اتساق داخلي) :

بۆ دۆزینەوەی گونجاوی ناوەکی توێژەر(٤٠) فۆڕمی بەکارهێنا کە ژمارەیان (٤٠) خوێندکار بوو لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە وەرگیراوە،هاوکۆلکەی ئەلفا کرۆنباخ بۆ پێوەری زیرەکی هەڵچوونی لای خوێندکاران بریتییە لە(٠.٨٢)، ئەمەش جێگیریەکی بەرزە.

**٦-جێگیری بە ڕێگەی دابەشکردنی نیوەیی(الثبات التجزئة النصفية):**

بۆ ئەم مەبەستە توێژەران ڕێگەی دابەشکردنی نیوەیی- التجزئة النصفية)بەکارهێنا کە یەکێکە لە ڕێگاکانی دەستنیشانکردنی جێگیریی پێوەر بەسەر(٤٠)خوێندکار لە زانکۆکانی پارێزگای سلێمانی، دوای وەرگرتنەوەی فۆرمەکان و شیکردنەوەیان بە پرۆگرامی (spss)دەرکەوت هاوکۆلکەی پەیوەندی(پێرسۆن)بۆ پێوەری زیرەکی هەڵچوونی(٠.٧٤)، هەروەها بەهای پەیوەندی دوای ڕاست کردنەوەی بە هاوکێشەی(سپێرمان-براون)بریتییە لە(٠.٨٥)، ئەمەش مانای جێگیری پێوەرەکە دەگەیەنێت.

**٦:ئەنجامدانی توێژینەوەکە:**

دوای ئەوەی پێوەرەکانی توێژینەوەکە ڕاستگۆیی و جێگیریی و هێزی جیاکاریان بۆ ئەنجامدرا ، توێژەران هەستان بە ئەنجامدانی توێژینەوەکە بە شێوەیی کۆتایی بە دابەشکردنی(٧٢٠) فۆرم بەسەر خوێندکارانی زانکۆکانی پارێزگای سلێمانی لە ڕێکەوتی (٤/٨/ ٢٠٢٥)،دواتر لە(٢٠٢٥/٥/١٨)،سەرەڕای لابردنی ئەو فۆرمانەی کە کەم و کورتیان هەبوو وەک پڕنەکردنەوەی فۆرمەکە ،هەروەها (٦١٠)فۆڕمی بێ کەم و کورتی گەشتەوە دەست توێژەران و توێژینەوەکە ئەنجامدرا.

**٧:ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان:**

١- هاوکۆلکەی پەیوەندی بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان نمرەی برگە و کۆی گشتی پێوەری زیرەکی هەڵچوونی- پەیوەندی نێوان برگەی تاک و جووت بۆ دۆزینەوەی جێگیریی پێوەرەکە.

٢- هاوکۆلکەی پەیوەندی سپێرمان-براون بۆ ڕاستکردنەوەی هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن بە مەبەستی جێگیری پێوەرەکە.

٣-ناوەندە گریمانەیی بۆ دۆزینەوەی ناوەندی گریمانەی پێوەرەکە.

٤-هاوکۆلکەی ئەلفاکرونباخ بۆ دۆزینەوەی جێگیری ناوەکی پێوەرەکە.

٥-تاقیکردنەوەی(ت)بۆ یەک نموونە بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان ناوەندە ژمێرەیی و ناوەندە گریمانەیی پێوەرەکە و،زانینی ئاستی زیرەکی هەڵچوونی لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان .

٦- تاقیکردنەوەی(ت)بۆدوو نموونەی سەربەخۆ بۆ دۆزینەوەی هێزی جیاکاری برگەکانی پێوەرەکە و،زانینی جیاوازی ئاستی زیرەکی هەڵچوونی بەپێی گۆڕاوی(،باری خێزان،جۆری خوێندن).

٧-هاوکێشەی ئاماری جیاکاری یەکی(One- Way ANOVA)بۆ زانینی جیاوازی ئاستی زیرەکی هەڵچوونی بەپێی گۆڕاوی(قۆناغی خوێندن).

٨-هاوکێشەی(کۆلمۆگرۆف-سیمینرۆو-Kolmogorov –Smirnov) بە مەبەستی زانینی دابەشوونی ئاسایی کۆی گشتی نمرەکانی پێوەری زیرەکی هەڵچوونی.

**٤ خستنەڕووی: ئەنجامەکان:ئەنجامەکانی توێژینەوە لە ژێر ڕۆشنایی ئامانجەکاندا:**

دابەشبوونی ئاسایی پێوەری زیرەکی هەڵچوونی(التوضيع التبيعي): بەمەبەستی زانینی دابەشبوونی ئاسایی کۆی گشتی نمرەکانی پێوەری زیرەکی هەڵچوونی لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان تاقیکردنەوەی(کۆلمۆگرۆف-سیمیرنۆو (Kolmogorov-Smirnov)بەکارهێنرا،چونکە نمونەی توێژینەوەکە زیاتر بوو لە(٥٠) بە شێوەیەک نمرەی ئازاد بریتییە (٦١٠)و ئاستی بەڵگەداری(٠.٠١) و لادانی پێوەری(١٣٠.٠٠٤)، مەودای تیۆری (المدي النظري)لە نێوان(٣٧-١٨٥) دایە،لە ئەنجامدا دەرکەوت مەودای ڕاستەقینەی نمرەکانی پێوەرەکە لە نێوان(٩٤-١٧٥)و بەهای کۆلمۆگۆرۆف(٠.١١١)و ئاستی بەڵگەداری بریتییە(٠.٠٠) کە بچوکترە لە (٠.٠١). ).خشتەی(٦)

خشتەی( ٦)

دابەشبوونی ئاسایی پێوەری(زیرەکی هەڵچوونی)

| پێوەر | لادانی پێوەری | مەودای تیۆری | مەودای ڕاستەقینەی | بەهای کۆلمۆگۆرۆف-سمینرۆو | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری ٠.٠١ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| زیرەکی هەڵچوونی | ١٩.٩٣٨ | (١٨٥-٣٧) | (١٧٥-٩٤) | ٠.١١١ | ٦١٠ | بەڵگەدارە |

**ئەنجامەکانی توێژینەوە لە ژێر ڕۆشنایی ئامانجەکاندا:**

**یەکەم:ئاستی زیرەکی هەڵچوونی لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی پارێزگای سلێمانی بە شێوەیەکی گشتی:**

لەئەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوت کە ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی توێژینەوەکە لە پێوەری زیرەکی هەڵچوونی لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان بریتییە لە(١٣٠.٠٠٤) نمرە و ناوەندی گریمانەیی بریتییە(١١١) و، بەهای(ت)هەژمارکراو بریتیە(٢٣.٥٤٣) ئەمەش گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەیی کە بریتییە لە (١.٩٦٠)بە نمرەی ئازادی (٦٠٩) لە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بەرزی ئاستی زیرەکی هەڵچوونی لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان،لە خشتەی(٧)دەردەکەوێت.

خشتەی(٧)

جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانەیی و ناوەندی ژمێرەیی نموونەکە بە پێی پێوەری زیرەکی هەڵچوونی

| نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | بەهای(ت) هەژمارکراو | بەهای(ت) خشتەیی | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٦١٠ | ١٣٠.٠٠٤ | ١٩.٩٣٧ | ١١١ | ٢٣.٥٤٣ | ١.٩٦٠ | ٦٠٩ | بەڵگەدارە |

ئەم ئەنجامە یەک دەگرێتەوە لەگەڵ توێژینەوەی (حسن،٢٠١٣) و(دهش،٢٠٢١)و (العلوان،٢٠١٠)، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی زانکۆ ناوەندێکی ئەکادیمییە کە خوێندکاران بە جیاوازی تاکەکەسی و بیروڕای جیاواز کۆدەکاتەوە هۆکارە بۆ زیادبوونی زیرەکی هەڵچوونیان و،خوێندکارانی کچ زیاتر کۆمەڵایەتین وکارلێک دەکەن و پەیوەندی کۆمەڵایەتی سەرکەوتوو بنیاددەنێن.

**دووەم:ئاستی زیرەکی هەڵچوونی لای خوێندکارانی بەشی باخچە بە پێی هەندێک گۆڕاو:**

**١-ئاستی زیرەکی هەڵچوونی لای خوێندکارانی بەشی باخچە بە پێی گۆڕاوی جۆری خوێندن:**

بە پێی گۆڕاوی جۆری خوێندن بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماری لە نێوان هەردوو جۆری خوێندندا سوود لە تاقیکردنەوەی ئاماری(ت)بۆ دوو نموونە بینرا،دەرکەوت بەهای(تائی)هەژمارکراو (١.٣٦٤) بچوکترە لە بەهای خشتەیی(١.٩٦٠) بە نمرەی ئازادی(٦٠٨) و ئاستی بەڵگەداری(٠.٠٥)،ئەمەش دەری دەخات ئاستی زیرەکی هەڵچوونی لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان بە پێی گۆڕاوی جۆری خوێندن جیاوازی بەڵگەداری نییە.خشتەی(٨)

خشتەی(٨)

ئاستی زیرەکی هەڵچوونی بەپێی گۆڕاوی جۆری خوێندن

| جۆری خوێندن | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای(تائی) هەژمارکراو | بەهای(تائی) خشتەیی | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەیانیان | ٤٨٨ | ١٢٩.٤٥ | ٢٠.١٥٧ | ١.٣٦٤ | ١.٩٦٠ | ٦٠٨ | ٠.٣٥٤ بەڵگەدارنییە |
| ئێواران | ١٢٢ | ١٣٢.٢٠ | ١٨.٩٥١ | | | | |

بە پێی ئەم ئەنجامە دەرکەوت کە جۆری خوێندن کاریگەری لەسەر ئاستی زیرەکی هەڵچوونی نییە،بەڵکو پەیوەندی بە

هۆکارە کەسێتی و دەروونی و کۆمەڵایەتیەکانەوە هەیە، ئەم لێهاتووییە لە ڕێگەی تێگەیشتن وڕێکخستنی هەستەکان و پەیوەندیکردن لەگەڵ کەسانی تر پەرەیان پێدەدرێت،لەئەنجامی ئەزموون و ژینگەی فێربوون و پاڵشتی کۆمەڵایەتی گەشە دەکات ،نەک جۆری خوێندن.

**٢-ئاستی زیرەکی هەڵچوونی لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان بە پێی باری خێزان :**

بە پێی گۆڕاوی باری خێزان بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماری لە نێوان هەردوو باری خێزاندا سوود لە تاقیکردنەوەی ئاماری(ت)بۆ دوو نموونە بینرا،کە بەهای(ت) هەژمارکراو (١.٩٦٤) گەورەترە لە بەهای خشتەیی(١.٩٦٠)بە نمرەی ئازادی (٦٠٨)و ئاستی بەلگەداری(٠.٠٥)،ئەمەش دەریدەخات ئاستی زیرەکی هەڵچوونی لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان بە پێی گۆڕاوی باری خێزان جیاوازی بەڵگەداری هەیە و لە بەرژەوەندی خوێندکارانی خێزاندار بوو.خشتەی (٩).

خشتەی(٩)

ئاستی زیرەکی هەڵچوونی بە پێی گۆڕاوی باری خێزان

| باری خێزان | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای(تائی) هەژمارکراو | خشتەیی | نمرەی ئازاد | ئاستی بەلگەداری ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەڵت | ٤٤٩ | ١٢٩.٠٥٧ | ١٩.٨٣٦ | ١.٩٦٤ | ١.٩٦٠ | ٦٠٨ | بەڵگەدارە |
| خێزاندار | ١٦١ | ١٣٢.٦٤ | ٢٠.٠٤٣ | | | | |

لە ئەنجامدا دەرکەوت کە ئاستی زیرەکی هەڵچوونی بە پێی گۆڕاوی باری خێزان جیاوازی هەیە,بەڵام بە جیاوازی کەم و لەبەرژەوەندی خوێندکارانی(خێزاندار) بە بەهای ناوەندە ژمێرەی(١٣٢.٦٤).

**٣-ئاستی زیرەکی هەڵچوونی لای خوێندکارانی بەشی باخچە بە پێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن:**

بە پێی گۆڕاوی باری خێزان بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماری لە نێوان هەر چوار قۆناغدا سوود لە هاوکۆلکەی ئاماری جیاوازی یەکی(One-Way ANOVA) بینرا،دەرکەوت بەهای(ف) هەژمارکراو (٥٦٧.٥٩٥) گەورەترە لە بەهای(ف)خشتەیی(٢.٦٠٤)،بە نمرەی ئازاد(٦٠٦)و ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥)، ئەمەش دەری دەخات کە ئاستی زیرەکی هەڵچوونی لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان بە پێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن جیاوازی بەڵگەداری هەیە،لە ئاستێکی بەرزداییە.خشتەی(١٠)

خشتەی(١٠)

ئاستی زیرەکی هەڵچوونی بە پێی گۆڕاوی قۆناغی خوێندن

| قۆناغی خوێندن | ژمارەی نموونە | ناوەندیی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای(ف) هەژمار کراو | خشتەیی | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم | ٢٠٥ | ١٥٤.٠٠٠ | ٩.٤٨٣ | ٥٦٧.٥٩ | ٢.٦٠٤ | ٦٠٦ | بەڵگەدارە |
| دووەم | ١٠٨ | ١٢٣.٨٢٤ | ٧.٤٠١ | | | | |
| سێیەم | ١٢٧ | ١٠٨.٢٥٩ | ٧.٤٢٠ | | | | |
| چوارەم | ١٧٠ | ١٢١.٢٤ | ٩.٦٢٩ | | | | |
| کۆی گشتی | ٦١٠ | ١٣٠.٠٠٤ | ١٩.٩٣٧ | | | | |

ئەم ئەنجامە پێچەوانەی توێژینەوەی(آل الشیخ،٢٠١٨)کە لەو توێژینەوەیە دەرکەوت قۆناغی خوێندن کاریگەری لەسەر زیرەکی هەڵچوونی هەیە،بەڵام بە پێی ئەم توێژینەوەیە قۆناغی خوێندن کاریگەری هەیە و ،لە بەرژەوەندی خوێندکارانی قۆناغی یەکەم بوو،بەهۆی ئەو جۆش و خرۆشەی خوێندکاران لە سەرەتای چوونە قۆناغی زانکۆ هەیانە و، خوێندکارانی کچ بە تایبەت خواستی زۆریان بۆ کارلێکی کۆمەڵایەتی و دۆزینەوەی هاوڕێی نوێ و بەشداری کردن لە چالاکییە کۆمەڵایەتیەکان دەکەن،دەبێتە هۆی پەرەپێدانی توانا سۆزداری و کۆمەڵایەتیەکانیان.

## دەرئەنجام:

١-ئاستی زیرەکی هەڵچوونی لە نێوان خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی پارێزگای سلێمانی بەشێوەیەکی گشتی لە ئاستێکی بەرزدایە.

٢-ئاستی زیرەکی هەڵچوونی لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان بە پێی گۆڕاوی (جۆری خوێندن) جیاوازی بەڵگەداری نییە.

٣- ئاستی زیرەکی هەڵچوونی لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان بە پێی گۆڕاوی(باری خێزان) جیاوازی بەڵگەداری هەیە و لەبەرژەوەندی خوێندکارانی خێزاندار بوو.

٤- ئاستی زیرەکی هەڵچوونی لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان بە پێی گۆڕاوی (قۆناغی خوێندن)جیاوازی بەڵگەداری هەیە و لەبەرژەوەندی خوێندکارانی قۆناغی یەکەم بوو.

## راسپاردە:

لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوە توێژەر چەند ڕاسپاردەیەک دەخاتە ڕوو:

١-پەرەپێدانی بەرنامەی ڕێنمایی بە ئامانجی بەرزکردنەوەی زیرەکی هەڵچوونی لە نێوان خوێندکاران لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندندا لە لایەن کەسانی شارەزا و پسۆڕی پەروەردەیی.

٢- ڕێکخستنی پرۆگرام و چالاکیەکانی زانکۆلە لایەن زانکۆکانەوە بە شێوەیەک کە پشت ببەستێت بە ئاستی زیرەکی هەڵچوونی خوێندکاران.

٣-کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ مامۆستایان لە لایەن زانکۆکان ،بە مەبەستی ئاشناکردنیان بەو تەکنیکانەی کە دەبێتە هۆی گەشەپێدانی زیرەکی هەڵچوونی و پاڵنەری فێربوون لای خوێندکاران.

## پێشنیاز:

١-بە ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە لە پارێزگاکانی دیکە لەگەڵ فراوانکردنی نموونەی توێژینەوەکە.

٢-بەئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە لە قۆناغەکانی تری خوێندن،وەک قۆناغی (باخچەی منداڵان،سەرەتایی، ناوەندیی، ئامادەیی،زانکۆ).

٣-بە ئەنجامدانی توێژینەوەی دیکە لەسەر زیرەکی هەڵچوونی و پەیوەندی بە( پاڵنەری فێربوون، لێهاتوویی کۆمەڵایەتی، گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی،نەرمی دەروونی.

## سەرچاوەکان:


- آحمد،ئاوات نصرالله(٢٠٠٩)،زیادکردنی توانای زیرەکی،چاپخانەی چوارچرا،سلێمانی.
- الخفاف،إيمان عباس(٢٠١٣)،الذكاء الانفعالي:كيف تفكر انفعاليا،الطبعة الأولى،دار المناهج للنشر والتوضيع،عمان-الأردن.
- الدرابكة،محمد مفضي(٢٠١٩)،الذكاء الانفعالي و علاقته بالتحصيل الدراسي لدي عينة من طلبة المتوفقين و غير المتوفقين ،مجلة الجامعة الاسلامية للدراسات التربوية والنفسية، المجلد(٢٧)،العدد(٥)ص ٦٨-٨٥. https://search.shamaa.org/fullrecord?ID=256644
- الريماوي،محمد عودة(٢٠٠٤) ،الانفعال و الثقافة في كتاب علم النفسي العام،دار المسرة،الأردن.
- العلوان،آحمد فلاح(٢٠١١)، الذكاء الانفعالي و علاقته بالمهارات الاجتماعية و أنماط التعلق لدي طلبة الجامعة في ضوء متغيري التخصص و النوع الاجتماعي للطالب،المجلة الأردنية في العلوم التربية،مجلد(٧)،العدد(٢)،ص ١٢٥-١٤٤. https://journals.yu.edu.jo/jjes/Issues/2011/Vol7No2/2.pdf

– أل الشيخ،غزل بنت عبدالرحمان (٢٠١٨)،الذكاء الانفعالي و علاقتها بالمرونة النفسية لدي طالبات جامعة الامام محمد بن سعود الإسلامية(رسالة ماجستر غير منشورة).

– جرجس،اسماء و آخرون(٢٠١٦)،مفاهيم الاساسية فى رياض الاطفال،ط(1)،دار الاعصار العلمى–دمشق.

– حسن،انعام هادى(٢٠١٣)،الذكاء الانفعالي و علاقته بأساليب التعامل مع الضغوط النفسية،دار الصفاء للنشر والتوضيع، عمان.

– حسن،شەرمین علی و آمین،سلوی احمد(٢٠٢٣)،پێنەوانەکردنی پتەوی دەروونی لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستانی عێراق(بونیاتنان و پراکتیزەکردن)،گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان،بەرگی٢٧،ژمارە(٢)،ل ١٦–٤٠.

– https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/article/download/454/285/7064

– حيدر،أحمد سيف(٢٠٠٦)،الثقةبالنفس و علاقته بالتحصيل الدراسي لدي طلبة كلية التربية–جامعة ذمار، المجلة العلمية لكلية التربيةو المجلد(١ )، العدد(١)،ص(٣٥–٧٣). https://doi.org/10.60037/edu.v1i1.982

– دهش،كرار كريم عباس(٢٠٢١)،تشيء الذات و علاقتها بالذكاء الانفعالي لدي طلبة الجامعة،رسالة ماجستر غير منشورة، جامعة القادسية،كلية الأداب ،قسم علم النفس.

– رشنودى،اكبر اقائى و ارغند،زهرا(٢٠١٨)،هوش هيجانى،موسسه انتشاراتى افتاب گيتى،چاپى دووەم.

– سعيد،سعاد جبر(٢٠١٥)،الذكاء الانفعالي و علم النفس التربوي ،ط(1)،عالم الكتب النشر والتوضيع ،إربد–الاردن.

– سعيدة،بن غربال(2015)،الذكاء العاطفي و علاقته بالتوافق المهني دراسة ميدانية، رسالة ماجستير غيرمنشورة،كلية العلوم الإنسانية و الإجتماعية، جامعة محمد خيضر –بسكره،الجزائر.

– عثمان،فاروق السيد و عبده ،عبدالهادى السيد(٢٠٠٢)،القياس و الاختبارات النفسية:أسس و أدوات،ط(١)،دار الفكر العربى القاهرة.

– عزيز ،عزالدين احمد(٢٠١٤)،بنەماکانی دەروونزانی گشتی،دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات،چاپی پێنجەم،هەولێر

– عزيز ،عزالدين احمد(٢٠١٧)،بنەماکانی دەروونزانی گشتی،چاپخانەی ڕۆژهەڵات،چاپی شەشەم،هەولێر.

– عزيز ،عزالدين احمد(٢٠١٨)،دەروازەیەک بۆ دەروونزانی پەروەردەیی،چاپخانەی هێڤی،چاپی یەکەم،هەولێر.

– عزيز ،عزالدين احمد(٢٠٢٠)،سایکۆلۆژیای ئەرێنی،چاپخانەی ناوەندی فێربوون،چاپی یەکەم،هەولێر.

– عماد،حسن آديب (٢٠١٥) ،الذكاء الانفعالي و علاقته بكل من التحصيل الدراسي و التخصص العلمي: دراسة ميدانية علي عدد من طلبة السنة الأولي بجامعة دمشق، مجلة جامعة دمشق،المجلد (١٣١) ،العدد (٢) ،ص (٣٤٧ –٣٤٩).

– https://search.emarefa.net/ar/detail/BIM-983845-

– قەرەچەتانی،کەریم شەریف (٢٠٠٧)، سایکۆلۆژیای گشتی،چاپخانەی حاجی هاشم،چاپی دووەم ،هەولێر.

– قەرەچەتانی،کەریم شەریف (٢٠١٧)،زیرەکی(تیۆرەکانی،جۆرەکانی،گەشەکردنی،پێوانەکردنی)،چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.

– قادر،رەمەزان حەمەدەمین (٢٠١٦)،سایکۆلۆژیای منداڵ لە باخچەی منداڵان ،کتێبخانەی سۆفیا،کۆیە.

- مصطفى،صابربكر و خالد ،حسن فخرالدين(٢٠١٨)،مستوى الطموح لدى طالبات قسم رياض الأطفال،مجلة(زانكۆی سلێمانی) القسم (B) العلوم الانسانية–العدد(58)–تشرين الأول 2018.

https://drive.google.com/file/d/1NLcmpSR34clAysrfzcEt68tI8HWA4h99/view?usp=drivesdk

– مبارك،الياس و باديس،نور الهدى (٢٠١٧)،الذكاء العاطفي و علاقته ببعض سمات الشخصية لدى استاذة التربية البدنية و الرياضة- دراسة الميدانيه لبعض ثانويات أم البواقي - رسالة ماجستير غير منشوره، علوم و تقنيات النشطات البدنيه و الرياضية.

–محمد،عبدالصمد آحمد(٢٠١٨).زیرەکی زمانی لای بیژەری تەلەفزیۆنی،گۆڤاری زانکۆی سلێمانی/بەشی) Bزانستە مرۆڤایەتیەکان)،ژمارە(٥٨).– JZS-B, Vol.19, No.6, 2018-p53-72.pdf

- Cooper, R.K., & Sawaf, A. (1997). Executive IQ: Emotional intelligence in leadership and organizations. New York: Grosser Putnam.

-Goleman, D. (1995) Emotional intelligence: Why it can matter more than IQ. New York: Bantam.

- Mayer, J., & Salovey, P. (1990). Emotional intelligence. Imagination, Cognition and Personality, 9(3)185-211.

-Mortiboys ,A. (2005) The Emotional Intelligence, London: Routledge.

- Schilling, D. (1996).50 Activities for teaching emotional intelligence, level l: Elementary Human Sciences Press, Inc.

**Emotional Intelligence among the Students in the Kindergarten Department**

**Shaymaa Faraj Kaikhusraw**
Kindergarten Department, College of Basic Education, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region -Iraq
shaymaa.kaikhusraw@univsul.edu.iq

**Niyan Namiq Sabir**
Kindergarten Department, College of Basic Education, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region -Iraq
nian.sabir@univsul.edu.iq

**Abstract**
This research aims to knowledge of the level of emotional intelligence among the students in the kindergarten department and to know the level of emotional intelligence among students in the kindergarten department according to these variables (study system, marital status, academic stage). This research used associative method. research society is kindergarten department students in Sulaimani government. The sample of research are 610 kindergarten student's, the research tool is the measure of (emotional intelligence which was created by researchers. The most important statistical tools used(Pearson's correlation coefficient, Spearman Brown, Cronbach's alpha, T-test for one example and two examples, the statistical equation of discrimination, one way ANOVA, Kolmogorov Smirnov test,).one of the most important results of the research is that the level of emotional intelligence among students in the kindergarten department does differ according to the variable (marital status, academic stage)but it does not differ according to the variable(study system)
**Keywords**: Emotional intelligence, Kindergarten.

**الذكاء الإنفعالي لدى طالبات قسم رياض الأطفال**

**شيماء فرج كيخسرو**
قسم رياض الأطفال،كلية التربية الأساسية ،جامعة السليمانية، السليمانية، اقليم كردستان–العراق
shaymaa.kaikhusraw@univsul.edu.iq

**نيان نامق صابر**
قسم رياض الأطفال،كلية التربية الأساسية ،جامعة السليمانية، السليمانية، اقليم كردستان–العراق
nian.sabir@univsul.edu.iq

**الملخص**
يهدف البحث الحالي الى التعرف على مستوى الذكاء الإنفعالي لدي طالبات قسم رياض الأطفال و, معرفة مستوي الذكاء الإنفعالي لدى طالبات قسم رياض الأطفال حسب المتغيرات(الحالة الأجتماعية،نوع الدراسة،المرحلة الدراسية ) تم استخدام المنهج الوصفي الأرتباطي و،يشتمل مجتمع البحث على طالبات قسم رياض الأطفال في كلية التربية الأساسية في جامعات محافضة السليمانية،تتكون عينة البحث من(٦١٠)طالبة، و قد استخدام مقياس(الذكاء الإنفعالي)من اعداد الباحثين.من أهم الوسائل الإحصائية المستخدمة(معامل ارتباط بيرسون، سبيرمان براون، الفاكرونباخ،أختبار(ت) لعينتين مستقلتين، تحليل التباين الأحادي،معامل كولموجوروف–سيمينرو) ،من اهم نتائج البحث(يوجد فرق في مستوى الذكاء الأنفعالي حسب متغيرات(الحالة الأجتماعية,المرحلة الدراسية),ولكن لا يوجد فرق حسب المتغير(نوع الدراسة).
**الكلمات المفتاحيية:**الذكاء الإنفعالي،رياض الأطفال.